# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار .. ململانێی دوو پرۆژە لە تورکیا
# سەرکەوتنی گول رەنگە ئاوابوونی یەکجارەکی کەمالیەکان بێت

## هێمن میرانی

دوای سەرکەوتنەوەی پارتی داد و گەشەپێدان لە 22 ی تەمووزی ئەمساڵ بە رێژەیەکی زیاتر لە سەرکەوتنەکەی تشرینی دووەمی 2002 ، دەرگا بەسەر ئەگەری گۆڕانی گەورە لە تورکیا کرایەوە ، راستە عەلمانیە تەقلیدی و سوپا و دادگای دەستوری توانیان لە نیسانی رابردوو رێ لە عەبدوڵلا گول بگرن بگاتە کۆشکی کۆماری ، بەڵام سەرکەوتنی گەورەی پارتەکەی بوونە پاڵپشت کە گول دیسان لە 14ی ئاب خۆی کاندید بکاتەوە و تۆڵە لە نەیارەکانی بکاتەوە ، سەرکەوتنی گول دەبێتە سەرەتای گۆڕانی گەورەتر لە مێژووی تورکیا و رەنگە سەرەتای ئاراستە کردنی عەلمانیەت بێت بەرێگە راستەکەی و کرانەوەی دیموکراسی بە دواوە بێت کە زۆر پرسی هەڵواسراوی مێژووی تورکیا لەو رێگەیەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە .. لە خوارەوە هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسانە دەکەین .

### پێشەکیەکی مێژوویی پێویست

کۆماری تورکیا لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو دوایین دەوڵەتی ئیسلامی ، هەوڵی داوە لە بەرگ و فۆرمێکی تایبەت و جیاواز لە پیاوە نەخۆشەکە ( ئەو کات بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان دەگوت ) دەرکەوێت ، لە سەرەتاوە ژەنەراڵ مستەفا کەمال ئەتاتورك کە دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە هەوڵی داوە و بە توندترین ئامراز کاری بۆ دوورخستنەوەی ئایین لە کاروباری سیاسەت کردووە ، بە قۆناغ دەستی کرد بە بڕینی هەژموونی ئایین و دامودەزگاکانی لە تەواوی کاروباری دەسەڵات ، دیارە ئەمەش بە بڕیار و فەرمانی یاسایی پاڵپشتی کرا و خەڵك ناچار کرا پەیڕەوی لە ژیانی تازە و فۆرمی تازەی بەڕێوەبردن بکات ، ئەتاتورك و یاوەرەکانی پێیان وابوو ئەوروپا لەو رێگەیەوە شەڕی مۆدێرنەی بردەوە و هیچ رێگە و ئەلتەرناتیڤی دیکەش نیە بۆ مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەی تورکیا جگە لە لاسایی کردنەوەی ئەزموونی خۆرئاوا و دوورخستنەوەی ئایین لە کاروباری گشتی دەوڵەت ، تایبەتتر کە ئەوان خۆیان لە دوا وێستگەکانی تەمەنی فەرمانداریێتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ژیا بوون و پێیان وابوو ئەو هەژموونەی هاوپەیمانی نێوان هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی لە سەردەمی عوسمانیەکان بە سەر کاروباری گشتی هەیبوو ، ئیمپراتۆریەتی دووچاری چەندان قەیران کرد کە بە هەڵوەشانەوەی کۆتایی هات ، لێرەوە بانگەشەیان بۆ پێویستی لێك جیاکردنەوەی ئایین و دەسەڵات دەکرد ، دیارە هۆکار و پاڵەپەستۆی دەرەکیش بێ رۆڵ نەبوو لە ئاراستەکردنی تورکیای دوای عوسمانیەکان بەرەو کۆمەڵگای خۆرئاوا و سیکۆلار بوون ، ئەوەتا لە کۆنگرەی لۆزان نوێنەری حکومەتی ئینگلیز باڵیۆز(کەرەزون – وەزیری دەرەوەی بەریتانیا – ئەوکات ) چوار مەرجی خستە بەردەم نوێنەری تورکەکان عیسمەت پاشا کە پێویست بوون بۆ دان پێنانی هاوپەیمانانی سەرکەوتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی بە سەربەخۆیی تورکیا ، ئەو مەرجانەش بریتی بوون لە ( بە تەواوی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت ، دەرکردنی خەلیفە لە ولات ، دەست بە سەراگرتنی سەروەتی خەلیفە ، سیکیۆلاریزەکردنی دەوڵەت و دانانی دەستورێکی تازەی مەدەنی لە بری دەستوری عوسمانی کە حوکمەکانی لە شەریعەتی ئیسلامی وەرگرتبوو ) ، بەم جۆرە ئەتاتورك لە سێ رێگەوە هەوڵی دەست خستنی ئەو ئامانجەی دا ، رێگەی یەکەم هەوڵیدا ئەو دەزگا و دامەزراوانە هەڵوەشێنێتەوە و نەیانهێڵێ کە ئیسلامیان سەپاندۆتە سەر تەواوی کایە و بوارە جیاجیاکانی ژیان لە تورکیا ، ئەوەبوو قوتابخانە ئیسلامی و کۆمەڵە ئایینیەکانی هەڵوەشاندەوە ، رێگەی دووەم هەڵسا بە گۆڕینی هەموو ئەو هێما و سیمبولانەی مۆرکی ئیسلامی یان سروشتی رۆژهەڵاتیان پێوەبوو ، لە شوێنی ئەوان سیمبولی ئەوروپی و رۆژئاوایی دانان ، وەکو گۆڕینی پشووی هەفتە لە هەینی بۆ یەکشەممە و گۆڕینی جلو بەرگ و کارکردن بە ساڵنامە و رۆژژمێری ئیسلامی و لە شوێنی ئەوان جل و بەرگی ئەوروپی و رۆژژمێری گریگۆری ( زایینی ) هێنایە نێو کارکردن کە لە خۆرئاوا پەیڕەوی لێدەکرێت ، رێگەی سێیەم بواری یاسایی بوو ، لەو بوارەش هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگاکانی یاسایی شەرعی و دادگا ئایینیەکان و لە شوێنی ئەوان یاسای دەوڵەتانی خۆرئاوای هێنایە نێو کارکردن ، سیکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت کە مانای جیاکردنەوە و دابڕاندنی ئایینە لە کاروباری سیاسەت بووە یەکێك لەو شەش پرەنسیپە بە ناوبانگەی مستەفا کەمال لە
1927/10/15 پارتەکەی ( پارتی گەلی کۆماری ) لەسەر دامەزراند و لە کۆنگرەی حزب هەر شەش پرەنسیپی ( نەتەوایەتی ، کۆمارخوازی ، گەل پەرستی ، عەلمانیەت ، دەستپێشخستنی دەوڵەت ، شۆرشگێڕی ) خستە ناو پرۆگرامی حزب و دواتر لە ساڵی 1937 خرانە ناو دەستووری دەوڵەتەوە و

بوونە پرەنسیپی فەرمی کە تا ئێستاش پارتە کەمالیست و نەژادپەرست و دەزگای سەربازی و دادگای دەستوری و دامەزراوە سیکۆلارەکانی دیکە بە توندی بەرگری لەو پرەنسیپانە دەکەن وەکو هێما و سیمبولی مانەوەی میراتی ئەتاتورک ، ئەم هەولانەی گۆڕینی سیما و فۆرمی ژیانی تورکیا لەسەر دەستی ئەتاتورک تا تشرینی دووەمی 1938 درێژەی کێشا کە ئەتاتورك لەو کاتە کۆچی دوایی دەکات و ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە عیسمەت ئینۆنۆی جێگری وەکو سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرێ ، لەو قۆناغەوە سیکۆلار کردنی تورکیا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاراستەی چوونە پێش و فراوان بوونەوە دەگۆڕێت و دەکەوێتە بەرگری کردن لەوەی ئەتاتورك بە زەبری هێز و یاسا بەسەر کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و فرە مەزەبی سەپاند کە 99٪ ی بە ئایین موسوڵمانن ، دوای ئەوەی لە ساڵی 1943 لە رێی مەرسومێکی کۆماری ئینۆنۆ دەرفەتی دامەزراندنی پارتی سیاسی راگەیاند کە تا ئەو کاتە تەنیا پارتی گەلی کۆماری تاکە حزبی سەر گۆڕەپانەکە بوو کە مۆڵەتی کاری سیاسی هەبوو خاوەنی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری دەسەڵات بوو ، دوای ئەو مەرسومە عەدنان مەندرێس و جەلال بایار لە پارتی گەلی کۆماری دەستیان لە کار کێشایەوە و لە کانوونی دووەمی 1946 پارتی دیموکراتیان دامەزراند و لە هەڵبژاردنی ئایاری 1950 گورزێکی گەورەیان لە پارتی گەلی کۆماری دا و بە رێژەی 53.6٪ ی دەنگەکان بەرامبەر 40٪ بۆ پارتی گەلی کۆماری ، ئەوەی دووەمیان لە دەسەڵات دوور خستەوە و بایار بە سەرۆك کۆمار و مەندرێس بە سەرۆك وەزیر هەڵبژێردران و لە هەڵبژاردنەکانی 1954 و 1957 یش دووبارە پارتی دیموکرات سەرکەوت و لە نێوان 1950-1960 فەرمانداریێتی تورکیایان کرد و پارتەکەی ئەتاتورك لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن مایەوە ، ئەو پێشەکیەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم هەر لە گەڵ کرانەوەی دەرگای دیموکراسی خەڵکی تورکیا ئەو ئایدۆلۆژیایەیان رەت کردەوە کە ئەتاتورك پارتەکەی پێ دامەزراند بوو فۆرمی کۆمەڵگەی تورکیاشی پێ گۆڕی ، گەر وا نەبێت چۆن خەڵك ئەو هەموو گۆڕانەی لەبەر چاو نەبوو کە ئەتاتورك وەکو شۆڕشێك بەسەر تەواوی کایە جیاجیاکانی ژیانی تورکیای داهێنا ، گەر ئەو گۆڕانانە جێی خۆشحاڵی تورکیا و هاوڵاتیانی تورکیا بوایە بۆچی لە یەکەم کرانەوە لەدژی پارتەکەی ئەتاتورك دەنگیان دا ، بەو جۆرە لەوساوە پارتەکەی ئەتاتورك ( پارتی گەلی کۆماری – CHP کە ئێستا دەنیز بایکاڵ سەرۆکایەتی دەکات و لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی 22ی تەمووزی 2007 توانی 112 کورسی بەدەست بێنێت ) نەیتوانیووە لە هەڵبژاردنەکان زۆرترین متمانەی خەڵك وەرگرێت و حکومەت دابمەزرێنێ ، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە سوپا لە رێی کودەتاکانی ( 1960 و 1971 و 1980 و نیمچە کودەتای 1997 ) حکومەتی هەڵبژێردراوی رماندبێت و ئەوان بە هاوپەیمانێتی پارتەکانی دیکەی هاو ئامانجیان حکومەتیان دامەزراندبێت ، دیارە ئەو بێمتانەیەی خەڵك بە پارتی گەلی کۆماری کۆمەڵێك هۆکاری لە پشتەوەیە کە دەشێ بە گوێرەی تێگەیشتنی ئێمە لە پرسەکە قسەی لێوە بکەین ، دیارە ئەو پارتە خۆی بە میراتگری ئەتاتورك و پارێزەری عەلمانیەتی تورکیا دەزانێت ، بەرنامەکانی کاری و ئەو میتۆدانەی کاری لەسەر دەکات لە گەڵ تێگەیشتن و بیروباوەڕی زۆرینەی هاوڵاتیانی تورکیا وێك نەهاتۆتەوە ، ناکرێ باوەڕ بەوە بکرێت کە کۆمەڵگەیەك 99٪ خاوەنی بیروباوەڕی ئیسلامی بێت متمانە بداتە پارتێك بچوکترین پەیڕەوی ئاینی کە پۆشینی لەچکە بەسەری ئافرەتان کە بە حیجاب ناسراوە و خەڵکی ئیمانداری ئیسلامی وەکو فەرمایشتێکی ئایینەکەیان پەیڕەوی لێ دەکەن ، لە دامودەزگا فەرمیەکان لێ قەدەغە بکات و رێگە نەدات ئەو کچانەی لەچك بەسەرن بچنە زانکۆ ، کە ئەمە لە عەلمانیترین دەوڵەتی دونیا لە چوارچێوەری ئازادی ئایینی و بیروباوەڕ رێزی لێ دەگیرێت ( لە جیاوازی نێوان عەلمانیەتی تورکیا و عەلمانیەتی دەوڵەتانی دیموکرات لێی دەدوێین ) ، لە لایەکی دیکە ئەو پارتە هەڵگری بیروباوەڕی بالاکردنی رەگەز و نەتەوەی تورکە و بوونی هەموو نەتەوەکانی دیکە رەت دەکاتەوە کە ئەمەش دیارە لەلای ئەو نەتەوانەی ناتورکن وەکو کورد پەسند نیە و لە پرۆسەی دیموکراسیدا کە هەڵبژاردن میکانیزمەکەیەتی ، دەنگی بۆ نادات ، وێڕای بێ دەستکەوتی ئەو پارتە لەو کاتانەی لە دەسەڵات بووە کە نەیتوانیووە سەقامگیری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری بۆ تورکیا دابین بکات و شتێکی ئەو تۆی بۆ هاوڵاتی تورکیا نەهێناوەتە بوون کە جێی هەڵوەستە و رێزگرتن بێت .

## تایبەتمەندی عەلمانیەتی تورکیا

یەکێك لەو پرەنسیپانەی وەکو لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد کۆماری تورکیای لەسەر دامەزراوە عەلمانیەتە ، عەلمانیەت بەو مانایەی ئایین و دامەزراوەکانی بخرێنە دەرەوەی کاروباری سیاسەت و وەکو پرسێکی تاکەکەسی مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت ، دیارە سەرەکیترین پرەنسیپی سیکۆلاربوون لە دونیای پێشکەوتوو بریتیە لە پارێزگاری کردن لە ئازادی ئایینی و بیروباوەڕ بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە کە ئەمە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤیش و پێویست دەکات پرسی بیروباوەڕی تاکەکەسی ( هەڵبژاردنی هەر ئایین و بیروباوەڕێك بۆ پەیڕەوی لێ کردن ، یان باوەڕ نەبوون بە هیچ ئایینێك ) بە یاسا پارێزگاری لێ بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە هاوڵاتیان پۆلێن نەکرێن و ئەرك و مافەکانیان جیاکاری تێ نەکرێت ، چونکە لەهەر شوێنێك هاوڵاتیەکی باوەڕدار بە هەر ئایینێك لەگەڵ کەسێکی بێ ئایین یان ئایین جیاواز لە ئەرك و مافەکانی جیاکاری لە گەڵ کرا ( تەنیا لەو پلە و

پۆستە تایبەتمەندانە نەبێت کە دەشێ بۆ هەموو کەسێك دەست نەدات ) ناکرێ سیستمی ئەو شوێنە بـە سیکۆلارێکی دیموکراسی کامـڵ وەسف بکرێـت ، گەر سەیری دوو مۆدێلی سیکۆلاری دونیای پێشکەوتوو بکەین کە یەکێکیان فەرەنسایە کە زۆر بە توندی مامەڵە لە گەڵ پـرس ئـایین دەکـات و چاودێران پەیوەندی نێوان ئایین و دەسەڵات لەوێ بە پەیوەندیەکی گرژ دەبینن و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە گـەڵ دامـەزراوەکانی ئـایین لەبەیەکدادان دان ، کەچـی لەوێ لەچك کردن ( پۆشینی حیجاب ) قەدەغە نەکراوە ، مۆدێلی دووەم هی ئەمریکایە کە سانا تر مامەڵە لـە گـەڵ ئـایین دەکـات و پارێزگـاری کـردن لـە بیروباوەڕی ئایینی و ئازادی ئایینی و بیروباوەڕ وەکو یەکێك لە پرەنیسپەکانی عەلمانیەتی دیموکراسی سەیر دەکرێت و جگـە لـە جیاکردنـەوەی ئـایین لـە کاروبـاری سیاسـەت ، دەزگاکـانی دەوڵـەت لـە دەسـتێوەردانی ئـایین دەپـارێزێ و دەزگاکـانی ئـایین و پرسـەکانی بیروبـاوەڕیش لـە دەسـتێوەردانی دەوڵـەت دەپارێزێ ، ئەمەیان دەشێ ئەو نمونە بێت کە بە کەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە دێت کە فـرە ئـایین و مـەزەب و نەتـەوەن وەکو تورکیـا ، دیـارە بـە لێکدانـەوەی چاودێران پارتی داد و گەشەپێدان کـە خـۆی وەکـو پـارتێکی دیمـوکراتی موحافزکـار دێنێتـە ناسـاندن و خـاوەن باکگراوەنـدێکی ئیـسلامیە هـەوڵی لاسـایی کردنەوەی ئەو نمونەیەی عەلمانی دیموکراسـی ئـەمریکا دەدات ، چـونکە ناچـێتە عـەقڵ خـودی ئـەو پارتـەش بـیر لـە دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی ئیـسلامی بکاتەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرە مەزەب و نەتەوە و ئایین ، کە بە پێی هەندێ سەرژمێری بیست ملیۆن عەلەوی و چل ملیۆن سوونی موسـوڵمان لـە تورکیـا هەیـە ، جگـە لـە جولەکـە و مەسـیحی ، فرەنەتـەوەیی تورکیـا ، بۆیـە چ سـەرکردەیەکی گەمـژە هەیـە ئـەو سیـستمە عەلمانیـە هەڵوەشـێنێتەوە ( وێـڕای کەموکوڕیەکانیشی ) و خۆی دووچاری حوکمێکی ئایینی بکات کە ئەستەمە بتوانی لـە ڕێگەیـەوە سـەقامگیری و ئـۆقرەیی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی بێنێتـە ئارا ، دیارە ترسی عەلمانیە تەقلیدی و کەمالی و نەژادپەرستەکان بەناو لە دروست بوونی دەوڵـەتێکی ئیـسلامیە کەچـی بـە نـاوەڕۆك لـە ترسـی لـە دەست دانی ئەو هەموو ئیمتیازاتانەیە کە لە پەنای بـەرگری کـردن لـە کۆمـاری تورکیـا و عەلمانیـەت و بنـەماکانی کـەمالیزم دەیخـۆن ، بۆیـە عەلمانیـەتی تورکیـا پێویستی بە هەموارکردن و دەوڵەمەند کردن هەیە ، پێویستی بە چاکسازی کردن هەیە ، سەرنج بدەن ناوەنـدە عەلمانیـە تەقلیـدی و نەژادپەرسـتەکان چ هەرایەکیان نایەوە لە دژی ئەگەرەکانی خۆ پالاوتنی ئەردۆگان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ، دواتر کە عەبدوڵلا گول لە 2007/4/24 لە پەرلەمانی تورکیا لە لایەن ئەردۆگان وەکو پاڵێوراوی پارتەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ناسێندرا ، تورکیا دووچاری چ قەیرانێك کرا کە گەر ژێری سەرانی پارتی داد و گەشەپێدان نەبوایە خەریك بوو ئەو گۆڕان و سەقامگیریە ڕێژەییەی لە چەند ساڵی رابردوو هاتبووە ئـارا لـە بـەین دەچـوو ، ئـەو کـات نوسـەرێکی تـورك نوسی بووی بۆ عەلمانی و نەژاد پەرستەکان ئاساییە چەند ساڵی دیکەش وڵات بێ سەرۆك بێت ( چونکە ئەحمەد نەژدەت سیزەر لە ئایاری رابـردوو وادەی یاسایی سەرۆکایەتی تەواو بووە ) تەنیا ڕێگری لەوە بکەن کەسێکی خاوەن باکگراوەندی ئیسلامی بچێتە کۆشکی کۆماری و هاوسەرەکەشی لەچك بەسـەر بێت ! لە کاتێك عەبدوڵلا گول ی پاڵێوراوی بەهێزی داد و گەشەپێدان بۆ سەرۆکایەتی کـە دوو شـەممە 2007/8/21 یەکـەم خـولی هەڵبـژاردنی لـە نێـو پەرلەمانی تورکیا بۆکرا ، 8/14 دوای ئەوەی داخوازینامەی کانـدیـد بـوونی بـۆ سـەرۆکایەتی کۆمـار خـستە بـەردەم سـەرۆکی پەرلـەمانی تورکیـا کوکـساڵ توبتان ، لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان دەربارەی هاوسەرەکەی ، گول گوتی " من دەبمە سەرۆك نەك ئەو .. دواتر ئەو پرسە پەیوەنـدی بـە خۆیـەوە هەیـە و ئازادی کەسیە " کە ئەمە نـاوەڕۆکی دیموکراسیەتە و ناشـێ ڕێگـری لێ بکـرێ ، لـە ئـەزموونی تورکیـا شـتی سـەیر بـەدی دەکرێـت ، بـە شـێوەیەکی گشتی تێگەیشتنێك هەیە کە پارتی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی کار بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی فەقیـە دەکـەن و دیموکراسیـەت ڕەت دەکەنـەوە و باوەڕیـان بـە جیاوازی و بیروڕای سەربەست نیە و بەزۆر خەڵك ناچار دەکەن پەیڕەوی لە بیروباوەڕی ئیسلامی بکەن ، کەچی ئەوە لە تورکیا بـە پێـچەوانە دەبینـرێ ، ئەوە داد و گەشەپێدانە کە هەموو دونیا بە ئیسلامیان دەزانن ، کەچی ڕای خەڵك دەکاتـە پاڵپـشتی و ئـەردۆگانی سـەرۆك وەزیـر و سـەرۆکی پارتەکـە لـە چەندین بۆنە بۆ تووڕە کردن و گاڵتە کردن بە عەلمانی و نەژادپەرستەکان دەڵێت چۆن ئەتاتورك دەڵێت سەروەری بۆ ڕای خەڵکە ، ئاواش ئێمە ڕای خەڵك بە سەرچاوە دەزانین ، ئەوە ئەو لایەنەیە کە دامەزراوە عەلمانیەکان بە هەڕەشەی دەزانن کەچی ئەو دیموکراسیانە ڕێگـری لـە هەوڵـەکانی ئـەوان دەکـات ، AKP بۆ هەموو هەنگاوەکانی ڕای خەڵك بە سەرچاوە دەزانی ، کەچی عەلمانیە تەقلیدەکان پەنا بۆ دەزگا ڕەگ داکوتاوەکان ( وەکو چاودێرانی کاروبـاری تورکیا بە – المؤسسات المتجزرە - ناویان دەبەن ) ی وەکو سوپا و دادگای دەستوری دەبات کـە دەزگـای هەڵبـژێردراو و بـێ لایـەن نـین و لـە لایـەن سـەرۆکی کۆمار هەڵدەبژێردرێن و بەشێوەیەکی گشتی لەو کەسانەن کە زۆر کوێرانە بەرگری لە کەمالیزم دەکەن ، بۆیە دیسان هەڵوەستە لەسەر ئـەوە دەکـەین کـە گرنگ نیە هاوسەری سەرۆك کۆمار لەچك بەسەر بێت یـان نـا ، ئەمـە لـە عـەلمانیترین سیـستمی دونیـاش مـەرج نیـە ، گـرنگ ئەوەیـە عەلمانیـەتی تورکیـا پێویستی بە چاکسازی و پێداچوونەوە هەیە کە جێی هـەمووانی لێ بێتـەوە و وەکوپەرلـەمانتارێکی پـارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیـك لـە پەرلـەمانی تورکیـا دوای کاندید بوونەوەی گول ڕایگەیاند کە بە لای ئەوان گرنگ نیە هاوسەری سەرۆك کۆمار لەچکی بەسەرەوە بێـت یـان نـا ، گـرنگ ئەوەیـە بـە یەکـسانی سەیری هاوڵاتیان بکات .

## گول و سەرۆکایەتی کۆمار

گول بەفەرمی کاندیدبوونی خۆی راگەیاند ، بەربەستەکانی بەردەمی لە بەربەستەکانی نیسانی رابردوو زۆر لاوازترن ، پارتی دادوگەشەپێدان بە تەنیا 341 کورسی هەیە و تەنیا پێویستی بە 26 کورسی هەیە بۆ کۆکردنەوەی دوو لەسەر سێ (367 کورسی) ئەمجارە تەنیا کاندیدە سەربەخۆکان 26 کورسیان هەیە کە 22یان کوردن و لە لیستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتن کە دەتوانرێ بۆ کاری داهاتوو لە پێناو پەرەپێدانی چاکسازیەکان و کرانەوەی تورکیا بە رووی پێکهاتەکانی ، لە گەڵ یەك پێك بێن و عەبدوڵڵا گول ببەنە کۆشکی کۆماری بە بێ ئەوەی دادگای دەستوری بتوانێت تانە لە دەرەنجامەکان بدات ، پارتی بزوتنەوەی نەتەوایەتیش کە دەولەت بەهەشەلی سەرۆکیەتی جیا لە پارتی گەلی کۆماری ئامادەیە بچێتە پەرلەمان و لە دەنگدان بەشدار بێت ، بۆیە پێدەچێت ئەمجارە گول نەتوانرێت رێگری لێ بکرێت ، بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی داد و گەشەپێدان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە دروشمەکانیان نوسیبوویان " گول سەرۆکە " وەکو هێمایەك بۆ پاڵپشتیان لە کاندید بوونی گول کە سوپا و دادگای دەستوری لە نیسانی رابردوو رێگریان لێ کرد ، سوپاش رەنگە بێدەنگی هەڵبژێرێت و چاودێری کارەکانی گول بکات لەو کاتەی دەچێتە کۆشکی کۆماری ، راستە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار پۆستێکی رەمزیە ، بەلاّم کاریگەر و خاوەن سەنگە ، چونکە دەزگا رەگ داکوتاوەکانی دەوڵەت وەکو سوپا و دادگای دەستوری و سەرۆك زانکۆکان لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن ، بۆیە سەرکەوتنی گول بۆ کۆشکی کۆمار رەنگە ببێتە سەرەتای ئاوابوونی یەکجارەکی کەمالیەکان ، چونکە جگە لەوەی هەر سێ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران و پەرلەمان لە دەستیان دەردەچێت ، گول لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار دەتوانێت کەسانێك لە دەزگاکانی سوپا و دادگای دەستوری و زانکۆکان دەبینێت کە باوەڕیان بە بیروبەرنامەکانی پارتی داد و گەشەپێدان هەبێت ، هەروەها دەتوانن دەستوری وڵاتیش هەموار بکەن و کرانەوەی سیاسی و دیموکراسی و چاکسازی زیاتر لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسیەکان فراوان بکەن ، دیارە ئەمەش بێ کێشە نابێت ، بەڵکو پێویستی بە پشوو درێژی و بەردەوامی ئەو سیاسەتە عەقلانیە هەیە کە AKP بە ناوی " سیاسەتی فرەرەهەند " پەیڕەوی لێ دەکات کە بیرمەندی گەورەی تورك و راوێژکاری ئەردۆگان ئەحمەد داود ئۆغلۆ دارێژەریەتی ، سەرکەوتنی گول دەشێ سەرکەوتنی پرۆژەی کرانەوەی سیاسی و دیموکراسی بێت کە مەبەستیەتی ئەو عەلمانیەتەی چەندین ساڵە تورکیای لەسەر بنیات نراوە کەموکوڕیەکانی راست بکرێنەوە و هەموار بکرێت ، دەشێ سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە میانڕەو لەسەرە خۆیە بێت کە مەبەستیەتی چەمکی هاوڵاتیەتی لە تورکیا زیندووبکاتەوە و دەرگا لەسەر مافی نەتەوەکانی دیکە بکاتەوە کە کورد یەکێك دەبێت لە سوود مەندانی ئەو پرۆسەیە ، سەرکەوتنی فراوان بوونی دیموکراسی بێت کە لەوێوە پرسە هەڵپەسێردراوەکان لە تورکیا دەرگای چارەسەر بوونیان لە سەر دەکرێتەوە ، دەشێ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە بێت بەسەر پرۆژەی عەلمانیە تەقلیدیەکان کە مەبەستیانە تورکیا هەر بە دەوری بازنەیەکی داخراو بخولێتەوە و بەردەوام لە قەیرانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری گوزەران بکات ، کە ئەمەی دوایی پرۆژەیەکی رەت کراوەیە لە لایەن خەڵك و پاسوۆردەکەیان ئاشکرا بووە و رەنگە بە سەرکەوتنی گول نەتوانن جارێکی دیکە لە پەنای عەلمانیەت و دیموکراسیەتی تاك لایەنە و یەك گوتار هاوڵاتیان فریوو بدەن ، دیارە ئەرکەکانی گول لەو پۆستە گەلی ئاسان نابن و دەبێت زۆر وریایانە مامەڵە بکات ، لە لایەك پێویست دەکات تا مەودایەك رەنگە نزیك نەبێت ، هەستی سەرباز و عەلمانیە تەقلیدیەکان رابگرێت و ژیرانە درێژە بە چاکسازیەکان بدەن و هەوڵ بدەن بەردەوام ئەوە بۆ خەڵکی تورکیا دووپات بکەنەوە کە چاکسازیەکان لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و گەشاندنەوەی تورکیا و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و پێکهێنانەوەی پێکهاتەکانی وڵات و دوورخستنەوەی تورکیایە لە شەڕی ناوەخۆی و دەرەکی ، پێویست دەکات گول ئەو دەرەنجامە لەبەر چاو بگرێت کە خەڵك لە 22 ی تەمووز بە پارتەکەیان دا ، بەتایبەت ئەو هاوڵاتیانەی لە باکوری کوردستان لە بری کاندیدە کوردە سەربەخۆکان ، دەنگیان بە نوێنەرانی پارتی داد و گەشەپێدان دا ، دەبێت لە ئێستاوە بۆ درێژە دان بە چاکسازیەکان و بە تەواوی دوورخستنەوەی کەمالیەکان لە شانۆی سیاسی تورکیا و بەتاڵکردنەوەی بەرنامەکانیان ، گول و ئەردۆگان کار بۆ راگرتنی هەستی خەڵك بکەن و بەرنامەکانی هەڵبژاردن جێ بەجێ بکەن و زیاتر جەماوەر لە دەوری پارتەکەیان کۆبکەنەوە ، چونکە ئاشکرا بوو کە هاوڵاتیانی تورکیا ئومێدیان بەو پارتە هەیە کە بتوانێت ئۆقرەیی بۆ وڵاتەکەیان بگێڕتەوە و لە نەهامەتی و توندوتیژی و بێ دەرامەتی رزگاریان بکات ، بۆیەش دەنگیان پێدا ، گەر بێ کێشە گول لە هەفتەکانی داهاتوو هەر چوار قۆناغی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە پەرلەمان بردەوە و سەرکەوت کە تەنیا قۆناغی یەکەم و دووەم پێویستی بە رێژەی دوو لەسەر سێ هەیە ، ئەوکات دەرفەت دەبێت باس لە ئایندە و پێویستیەکانی سەرکەوتن و مانەوەی گول لە پۆستە تازەکەی دەکەین .

---

- قوتابی ماستەر لە زانستە سیاسیەکان – هەولێر / توێژەری کاروباری تورکیا

Merany82@gmail.com

**عنوان فەرعی**

***راستە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار پۆستێکی رەمزیە ، بەلأم کاریگەر و خاوەن سەنگە ، چونکە دەزگا رەگ داکوتاوەکانی دەوڵەت وەکو سوپا و دادگای دەستوری و سەرۆك زانکۆکان لە لایەن سەرۆك کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێن ، بۆیە سەرکەوتنی گول بۆ کۆشکی کۆمار رەنگە ببێتە سەرەتای ئاوابوونی یەکجارەکی کەمالیەکان.***